مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کەسایەتی مسعود محمد لە دید و بۆچوونی هاورێکانی ورەنگدانەوەی لە نێو هەندێ لە نووسین وبەرهەمەکانیدا

The character of Massoud Mohammed from the point of view of his friends and his reflection in some of his writings and His works

**پرۆفیسۆر دکتۆر عمر ئیبراهیم عەزیز**
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
**پرۆفیسۆر دکتۆرە فاطمة رەشید حسن باجەلانی**
زانکۆی نۆلج

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: 2018/4/7
القبول: 2018/6/26
النشر: خريف 2018

**الكلمات المفتاحية:**
*Personal, Massoud Mohammed, homeland, culture, literature, language, philosophy, social status, interview, coexistence.*

**الملخص**

ماموستا مسعود محمد یەکێکە لە روناکبیرە هەرەگەورەکانی کورد بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی زۆر داهێنەر وسەرکەوتووانە خزمەتی ئەدەب و رۆشنبیری و زمانەوانی وپەروەردە و فەلسەفی کوردی کردووە، شوێن وپایەیەکی گەلێ دیاری لە ئاسۆی رۆشنبیری کورددا هەبووەو بەتایبەتی ولەسەر ئاستی نیشتیمانی عەرەبی بەگشتی. ئەگەر بهاتبایە بەرهەمە گران بەها وشاکارەکانی وەربگێردرانایەتە سەر زمانە بیانییەکانی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانی ورووسی، ئەوکاتە ماموستا مسعود محمد لەناو ئەدەب و رۆشنبیری جیهانیشدا دەنگی دەدایەوە ودەناسرا.

ئامانج لەم توێژینەوەیەمان ئاشکرا کردنی کەسایەتیماموستا مسعود محمد لە دید وبۆچوونی هاورێکانی ورەنگدانەوەی ئەم کەسایەتییە

لە نێوهەندێ لە نووسین وبەرهەمەکانیدا.

جۆردن ئەلبۆرت( زانای کەسایەتی بەناوبانگ) پێناسەی کەسایەتی بەوە دەکات کە توانایەکی جەستەیی ودەروونی و ژیری و سۆزداری و هزری و کۆمەلایەتییە. هەروەها تایبەتمەندی کەسایەتی بریتین لە زیرەکی وبیرتیژی ودووربینین و وزانین و توانای بڕیاردان وئارامی وسەنگینی و توانای کارلێکردن لەبەرانبەر وقایلکردنیان و سادەیی وبێفیزی و لێبوردەیی ودەستپاکی وئارامی و راستگۆیی و بوێری.

کەرەستەی توێژینەوەکە چاوپێکەوتنە لەگەڵ هاوژینی و هەندێ لە نزیکترین هاورێکانی کە بۆ ماوەی زیاتر لە 50 ساڵ هاورێتییان کردووە ولەگەڵی ژیاونبۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی کەسایەتی مامۆستا مسعود محمد بە پێی پێناسەی ئەلبۆرت بۆ کەسایەتی( لایەنی جەستەیی ودەروونی و ژیری و سۆزداری و هزری و کۆمەلایەتی) هەروەهاتایبەتمەندی کەسایەتی وەکو( زیرەکی وبیرتیژی ودووربینین و وزانین و توانای بڕیاردان وئارامی وسەنگینی و توانای کارلێکردن لەبەرانبەر وقایلکردنیان و سادەیی وبێفیزی و لێبوردەیی ودەستپاکی وئارامی و راستگۆیی و بوێری جکە لە دیاریکردنی رەنگدانەوەی ئەم کەسایەتییە لە نێوهەندێلە نووسین و بەرهەمە چاپکراوەکانیدا بەتایبەتی لە پەرتووکی ( گەشتی ژیانم) کە شیکردنەوەمان بۆ چەندان نموونەی هەڵبژێردراوی ئەم بەرهەمە کردووە.

## پێشەکی

مامۆستا مسعود محمد لەو بیرمەندو نووسەرە دەگمەنانەی کوردە کە خاوەن بیرو هزرێکی تایبەتی خۆیەتی وڕاستەقینەی هەڵقولاوی ناو بیرکردنەوەو لێ ووردبوونەوەی کوردەواریە،جگە لەڕەسەنایەتی بیرو هزری،خاوەن زیرەکیەکی بێ هاوتاو ڕۆشنبیرو کەلەپوورزانێکی کارامەی بنەماڵەی زانست پەروەری باوك وباپیرانی جەلی زادەکان بووە(محمد،2009،ل:2).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارەژینگە و دەوروبەری دەڤەری کۆیەیڕەنگین کاریگەریەکیگەورەو بەهێزی لەسەر کەسایەتیمەسعود محەمەد و هەموو ڕۆشنبیر و هۆزانڤانان و نووسەری ئەو دەڤەرە هەبووە بەگشتی و لەسەر مامۆستا مەسعود مەحەمەد زۆر تایبەتیتر.

جگە لە کاریگەری دەڤەری کۆیە، نابێڕۆڵی کاریگەری بنەماڵەکەیان (مەلایگەورە) لەبیر بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی کەسایەتی م.مەسعود محەمەد وەك خۆی خۆی لە خۆیدا کەسێکی بلیمەت و بەهرەمەند بووە.

دەتوانین بڵێین مامۆستا مەسعود محەمەد ئەستێرەیەکیگەشی ئاسمانی وێژە و هونەرو زمانی کوردییەو یەکێکە لەو رووناکبیرە هەرەگەورانەی کورد کەبە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زۆر سەرکەوتووانەخزمەتی وێژەو رۆشنبیری کوردی کردوو شوێن پایەکیگەلێ دیاری لە ئاسۆی کاروانی رۆشنبیری کوردیدا هەیە، بۆیە دەڵێین ئەگەر بهاتایە ئەم بەرهەمە بەنرخ و شاکارانەی مامۆستا مەسعود محەمەد وەرگێردرانایەتە سەر زمانی بێگانەکانی وەك : ئینگلیزی و فەرەنسی وئەڵمانی و رووسی.....هتد ئەو کاتە م.مەسعود محەمەد لەناو ئەدەبی جیهانیشدا دەنگی دەدایەوە ودەناسرا(پەتی،2016،ل:13).

بەشییەکەم

چوارچێوەیگشتی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە هەڵبژاردن ودەستنیشانکردنی ناوونیشانی ئەم بابەتەیە کە بەشێوەیەکی زانستیو ئەکادیمیانە کۆمەڵێك دەرئەنجام دەخاتەڕوو کەپێویستە بە شێوەیەکی روونوئاشکرا لە لایەنیپەیوەندیدار وبەرپرسانەوە خەمی لێ بخورێت و بەهەند وەربگیرێت.

توێژینەوە لەکەسایەتی زۆر گرینگە وەك رۆڵێکی سەرەکی بۆتێگیشتن لەرەفتاری مرۆڤ،دەتوانین بڵێین بواری کەسایەتیپێگەیەکی بەرزی لە دەروونزانیدا دروستکردووە بە درێژایی مێژووی ئەو زانستە، بۆیە بە دڵنیایەوە دەکرێت بڵێین: کەسایەتی هەموو ئەو ئامانجە دەگرێتەوە کە دەروونزانی مەبەستێتی (حمەساڵح،2014،ل:9).

ئامانجی توێژینەوە

ئەمتوێژینەوەیە کۆمەڵێك ئامانجی هەیە کە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکرێت:-

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ئامانج لەم توێژینەوەیەمان ئاشكرا كردنی كەسایەتیمامۆستا مسعود محمد لە دید وبۆچونی هاورێكانیدا.
2- رەنگدانەوەی ئەم كەسایەتییە لە نێوەندێ لە نووسین وبەرهەمەكانیدا.

سنوری توێژینەوە:چاوپێكەوتن لەگەڵ كامران عبد الصمد بەننا و نجلە رۆوف خانەقا و زێوەر خەتاب جگە لە شیكردنەوەی هەندێ لە نووسین ونامەگرنگەكان وهەندێ نمونەی هەڵبژێردراو لە كتێبی ( گەشتیژیانم).

چەمكەكانی توێژینەوە:

چەمكی كەسێتی:

1.رێكخستنی دینامیكیانەی ئەو سیستەمە سایكۆ فیزیكیانەی ناوەوەی مرۆڤە كە لە شێوازە تایبەتەكەی خۆڕاهێنان لەگەڵ ژینگەو دەوروبەردا دەردەكەوێت( ئۆكسفۆرد:2002،ل.943).

2.پێناسەیەكی دیكەی كەسایەتی(بریتیە لە كۆمەڵێك خەسڵەتی جەستەیی و هۆشداری و هەڵچون وكۆمەڵایەتییان كۆمەڵێك كارتێكردن كە كەسێك لە بەرامبەر خەڵكی دیكەدا ئەنجامی دەدات لەرەفتاری هزرییان جوڵەی دەرەكی دا بە دیار دەكەون (مصطفی پەژار:1997، ل.6).

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە ناتوانین پێناسەیەكیرەهاو یەكلاكەرەوە بۆچەمكی كەسایەتی بكەین چونكە هەر زانایەكو بەپێی ئەو قوتابخانە دەرونیەی كە بۆی دەگەڕێتەوە لەروانگەی خۆیەوەپێناسەی كەسایەتی دەكات .

باشترین پێناسەش بۆ كەسایەتی ئەو پێناسەیەیە كە هەمو لایەنەكانی دەرونی وكۆمەڵایەتی وجەستەیی وهەڵچونی فەرامۆش ناكات

## بەشی دووەم

## بیردۆز و هۆكارەكانی دروستبوونی كەسایەتی

یەكەم :بیردۆزەكانیكەسایەتی :

1-بیردۆزیهیپۆكرات :(كەفەیلەسوفێكیيۆنانیيەكەسايەتیمرۆڤیكردووەتەچەندجۆرێک؛لەوانە:

أ.كەسایەتیخوێناوی :خاوەنەكەیچالاكورووخۆشە.

ب.كەسایەتیهەڵچوو :ئەوەشیانكەسانیتووڕەوتوندوهەڵچوودەگرێتەوەخۆی.

ج.كەسایەتیرەشاوی :خاوەنەكەیرەشبینوهەمیشەغەمبارە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

د.کەسایەتی بەڵغەمی :ئەوەشیان خاوەنەکەی خاوولەسەرخۆوتەوەزەلە.

بەپێی بۆچوون وپۆلینکردنی هیپوکرات بۆکەسایەتی مرۆڤ،دیارەلەسەرئەوبنەمایەپۆلێنکراوەکە زیادبوون وکەمبوونی هەندێ شلەی لەش وەک خوێن،زەرداو، ... هتد،کاردەکاتەسەرشێوازی بیرکردنەوەودەمدەمی (میزاج)ورەفتاروهەڵس وکەوتی تاکەکان.

لێرەدائەوەمان بۆدەردەکەوێ کەهیپوکرات ئاماژەی بەلایەنی کۆمەڵایەتی نەکردووە،لەگەڵ ئەوەش دائەم پۆلینکردنەی هیپوکرات بووبەبنەمایەکی بیردۆزی سەرەکی لەئەنپرۆپۆلۆژیاودەروونزانی تاسەدەی 19 نۆزدەهەمین کاریگەری هەرمایەوە(سالح،2006،ل :10).

2-بیردۆزی شێوازەدەروونییەکان: زانای سویسری گوستاڤ یونگ ئەم شێوازەبیردۆزیەی داهێناوە . بەبۆچوونی ئەوخەڵک دەکرێتەدووجۆریان دووکۆمەڵە،لەوانە :

أ.کراوەیی :کۆمەلایەتیەولەتێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی داهەست بەخۆشی دەکات .

ب.گۆشەگیری :واتادوورەپەرێزەوشەرمنە(میران،1998،ل :4)

3-بیردۆزی شیکردنەوەی دەروونی: زانای نەمساوی فروێد ( لەهەردوولایەنی ژینگەیی وبۆماوەیی دەستنیشانی چەندجۆرێک لەکەسایەتی کردوەلەوانە 1: -ئەو2- - من3 -منی باڵا.

أ.ئەو :

کاتێ مرۆڤ لەدایک دەبێ ئەم بەشەی کەسایەتی لەگەلیاداوبەردێژایی تەمەنی وژیانی هەرلەگەلی دادەمێنێتەوە .لەهەمووحەزوئارەزوەکانی ئاژەلیانەپێکهاتووەودەبێت بەبەردی بناغەی کەسایەتی مرۆڤ.

ب.من :ئەم بەشەی کەسایەتی لای) فروید ( دەکەوێتەنێوان جیهانی دەرەوەوداواکاری وپێداویستیەکانی) ئەو ( بەپێی بنەمای راستەقینەهەڵس وکەوت دەکات وهەروەکوناوبژیوان ورێکخەرێک بەدیاردەکەوێت لەنێوان )ئەو (و) منی باڵا ).(زانا) فروید (دەلێت) :کاروئەرکەکانی) من ( زۆرگران ودژوارەلەبەرئەوەی زۆرئەستەمەلەژیاندابتوانی لەیەک کاتداخزمەتکاروبەردەستی ئاغاوکەڵەگابیت .

ج.منی باڵا :بریتی یەلەبەشی سێیەمی کەسایەتی مرۆڤ بەپێی بۆچوونی) فرۆید ). دەرئەنجامی پەروەردەوبەکارهێنانی پاداشت وسزایە،کەلەلایەن دایک وباوکی وکەسانی دەوروبەرەوەبەکاردەهێنرێت؛منی باڵابریاردەروودەمڕاستی یەکەمە،واتاناوبژیوانێکەلەسەرهەمووباش وخ

ەراپیەکی چالاکیەکانی) ئەو (لەگەڵ) من (هەروەهاهەمیشەوبەردەوام) منی باڵا (
هەوڵی سەرکوتگردنی ویست وئارەزووەکانی) ئەو (دەدات.

4-بیردۆزی کەسایەتی لەڕوانگەی ئەلفرێدئەدلەر (1870–1937)

بەپێی بۆچوونی ئەدلەر (
ئەگەریەکێک توانای نەبووزاڵ بێت بەسەرهەستەکانی کەمیدا،ئەوکاتەئەوهەستانەزیاددەبن وچڕدەبنەوەودە
بنەهۆی دروستبوونی) گرێی کەمیو ئەدلەر (بەم جۆرەپێناسەی گرێی کەمی کردووە :
)بێتواناییەک لەچارەسەری کێشەکانی ژیان ).
ئەم گرێیەلەمنداڵی زۆربەی ئەوگەورانەدەبینراکاتێک ئەدلەرچارەسەری دەکردن ولەوانەیەگرێی کەمی بەسێ
رێگالەمنداڵیدادروست بێت:.

أ.کەم ئەندامی، ب.نازپێدان، ج.پشتگوێخستن.

لێکۆلینەوەلەکەمئەندامی هەوڵدانێکی سەرەکی) ئەدلەر (بووکاتێک لەگەڵ) فرۆید (کاری دەکرد .
)فرۆیدیش ئەم بۆچونەی لاپەسەندبوو) .(ئەدلەر (
روونی کردەوەهەربەشێک لەئەندامانی جەستەکەم وکورتییەکی تێدابێت ئەواکاردەکاتەسەرگەشەکردنی کە
سایەتی لەرێگەی چەندین هەوڵ وکۆششی تاکەکەبۆقەرەبووکردنی ئەوکەمییەیان ئەولاوازیە.

کەواتەدەکرێت ئەم جۆرەکەموکورتییەئەنداميانەوالەخاوەنەکەی بکات ببێت بەهونەرمەندێکی ب
ەناوبانگ یاوەرزشوانێک یاکەسێکی داهێنەرلەناوکۆمەڵگەکەیدا،بەڵام لەوانەشەخاوەنەکەی بەرەوپێکهاتەی
کەمی بابات کاتێک هەوڵدانەکانی بۆقەرەبووکردن سەرکەوتوونەبن .

کەواتەبۆمان دەرکەوت کەهەستکردن بەکەمی چەندگرینگەبۆپێکهێنانی کەسایەتی،وچەندپێویس
تەبۆهەموگەشەپێدانێک وپەرەسەندنێکی ئەرێنی،لەگەڵ ئەوەشداتوانای رێگری هەیەبۆئەوجۆرەپەرەپێدان
ە .

لەدواییدا) ئەدلەر (بیرۆکەی
)بەیەکسانیکردنی هەستەکانی کەمی ولەگەڵ مێنیەیی وخەبات لەپێناوی دەسەڵاتدا (
رەتکردەوەولەجیاتی ئەوەبۆچونێکی فراوانتری هەبووئەویش،ئێمەخەبات دەکەین لەپێناوی سەرکەوتن وئە
مدۆخەشی بەتەواوی جیاوازەلەگەڵ ئاوێتەی خۆبەزلزانی (حەمەسالح،2015،ل 9:).

**دووەم:**هۆکارەکانی دەروونی وکۆمەڵایەتی دروست بوونی کەسایەتی :

ئەوهۆکارانەی کەکاریگەرییان هەیەلەسەرکەسایەتی مرۆڤ زۆروجۆراوجۆرن،هەریەکەیان بەشێوەیەک کار

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یگەری هەیەوجۆرەکەسایەتیەکیاخودبلێین جۆرەرەفتارێکلەبوونی مرۆڤدادروستدەکات،زانایانی بواری زانستەدەروونیوکۆمەڵایەتیەکانمشتومرێکیزۆرلەنێوانیانداروویداسەبارەتبەوهۆکارانەیکەرۆڵیانهەیەلەسەردروستبوونیکەسایەتیمرۆڤ،ئەومشتومڕەشلەبابەتەکانیاندابەشێوەیەکیروونوئاشکرادەردەکەوێت .

زانافرۆیدوالەسروشتیمرۆڤگەیشتووەکەواشەڕخوازەووەکبوکەشوشەیەکوایەکۆمەڵێکپاڵنەری بایەلۆژیهەڵبەزودابەزیپێدەکەن،کۆنترۆلیلەژێرتواناوویستیخۆیدانییە .لەلایەکیدیکەوەزانا (سیکنەر )
لەوباوەڕەدایەکەویستورەفتاریمرۆڤلەژێردەسەڵاتورەحمەتیژینگەوجیهانیدەرەوەیدایە،کەئەوانیش خۆیانلەدامودەزگاکۆمەڵایەتیورامیاریوئابووریەکاندادەدۆزیتەوە) .جانجاکرۆسۆ ( بەپێچەوانەی) فرۆید (
وایبۆدەچێتکەسروشتیمرۆڤخێرخوازەبەڵامکۆمەڵگەودامودەزگاکانبەرەوشەڕخوازیدەبەن.هەردوو زانایانی) بەندرۆلاودۆلارمیلەر (
لەلایەکیترەوەلەوباوەڕەدانکەکەسایەتیرەفتاریمرۆڤلەڕێگەیسەرنجدانولاساییکردنەوەیکەسایەتیوکەسانیترەوەفێردەبێت.کەسایەتیبابەتێکیفرەرەهەندەوایکردووەمشتومرێکیزۆریزانایانیدەرباڕەیسروشتیمرۆڤوکەسایەتیمرۆڤبەردەواملەسەربێت.هەرزانایەکولەروانگەیهزریخۆیەوەبریاربەسەردروستبوونیکەسایەتیمرۆڤبدات،بەڵامئەگەربەشێوەیەکیگشتیبابەتەزانستیەکانوەربگرینلەوروانگەوەدەتوانینبلێینسروشتیمرۆڤنەشەڕخوازەونەخێرخوازە،بەڵکوتۆویشەڕوخێرلەناخیدایەوئەمتۆویشەڕوخێرەزیادکردنیاندەگەرێتەوەبۆچۆنییەتیوچەندییەتیپەیوەندیکردنوکارلێکردنیتاکلەگەڵدامودەزگایکۆمەڵایەتیورامیاریوئەوکۆمەڵگەیەیکەتاکپەیوەندیلەگەڵداگرێداوە .

هەمووکایەکانینێوژیانیکۆمەڵایەتیبەبارودۆخیرامیاریوکەلتوریەوەپەیوەستە،ئەگەرهاتووزەمینەیەکیلەباربوونبۆگەشەکردنیتاکلەنێوانپانتاییەکانیاندائەوەتۆویخێروکەسایەتیەکیتەندروستلەکۆمەڵگەدابەرهەمدەهێنێت.ئەگەربێتوبەپێچەوانەوەبارودۆخیکۆمەڵگابەلایەنیکۆمەڵایەتیورامیاریوئابووریەوەرەوشێکیناتەندروستانەبێتئەواکاریگەرینێگەتیڤبەجێدەهێلێتبەسەرکەسایەتیتاکەکانینێوکۆمەڵگە(ساڵح،2009،ل :10–11.)

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم:- کەسایەتی مرۆڤی کورد و چەند فاکتەرێکی کاریگەر.

یەکێک لەوپرسە گرنگانەی کەئەمرۆپێویستە بەووردی لێ بکۆڵدرێتەوە،پرسی کەسایەتی مرۆڤی کورده،ئەومرۆڤەی کەهەمیشە لەژێرهەرەشەوگوڕەشەی داگیرکەران ولەژێرچەپۆکی پرچرنووکی دوژمنانداژیانی پڕلەنەمرونەژی بەسەربردووە،بۆیەکەسایەتیەکەشی لەکەسایەتیەکی پڕلەبەرەنگاربوونەوەوبەرخودان و زۆرجاریش قوربانیدان وماندوبوون وهەندێک جاریش داروخان بووە،(سدیق،2002،ل :227.)

پێش هەمووشتێک بەپێویستی دەزانین ئاماژەبەوراستییە بکرێت کەکەسایەتی تاکی کوردلەکۆمەڵگەی کورده‌واریداوەکیەک نییەولەتاکێکەوەبۆتاکێکی دی دەگۆرێت وەبگرەمەحاڵەدووتاکەکەس ببینین خاوەنی هەمان کەسایەتی بن،ئەوەلەلایەک وەلەلایەکی دیکەوەکەسایەتی تاکی کوردلەناوچەیەکەوەبۆناوچەیەکی دیکەش دەگۆرێت،وەک چۆن لەکاتێکەوەبۆکاتێکی دیکەدەگۆرێت.

واتافاکتەری شوێن وکات کاریگەری خۆی لەسەرسیماوخەسڵەتەکانی کەسایەتی تاکی کوردهەیە،بۆنموونەکەسایەتی تاکی کوردپێش ) 50(ساڵ زۆر جیاوازی لەگەڵ کەسایەتی ئەمرۆی تاکی کورد هەیە (نەقشبەندی،2002،ل :228.)

هەرچی تایبەتیشە بەسیماوخەسلەتەکانی تاکی کورد،دەبێت ئاماژەبەوفاکتەرانەبکرێت کەرۆلی سەرەکییان لەدروست کردنی کەسایەتی کورداهەبووەوهەیەکەگرنگترینیان بەبۆچوونی ئێمەبریتین لە )بڕوائاینییەکان،ژینگەی جوگرافی سروشتی ومرۆیی،خێزان،پەروەردەوفێرکردن،پارتەسیاسییەکان،راپەرین وشۆرشەکان،سەرکردەنەتەوەییەکان ورۆشنبیران (

دیارەبایەخی رێژەیی کاریگەرییەتی ئەم فاکتەرانەبەپێی شوێن وکات لەگەڵ گۆڕانکاریدابووەوکاریگەریەتییەکەشی بەهەردووئاراستەکەدابووە، باش وخەراپ (

بۆیەئەنجامی پۆزەیتڤ ونێگەتیڤی هەبووە(هەمان سەرچاوەی پێشوو،2002ل :228.)

لەم بارەیەوەرەشادمیران دەڵێت 'کەسایەتی نەتەوەیی بابەتێکی گەورەوئاڵۆزە،دەست نیشان کردنی سیماوخەسڵەتەکانی کارێکی ئاسان نییەوبگرەلەتوانای تاقەزانستێک وپسپۆرێکیشدانییە،ئەوەش لەناوچەیەکی جوگرافی مێژوویی–

کەلتووری داهەمیشەچەندین میللەت ونەتەوەپێکەوەدەژین وکاریگەرییان بەسەریەکترەوەهەیەولایەنی هاوبەشیان زۆرە،لەگەڵ ئەوەشدادەکرێ ئاماژەبۆهۆکارەهەرەگرنگەکان بکرێ وهەولبدرێ سیماوخەسڵەتەهەرەدیاروسەرەکییەکانی کەسایەتی نەتەوەیی دەستنیشان بکرێن .

ئەوهۆکارەسەرەکییانەی کەسایەتی مرۆڤ دادەرێژن بەگشتی لەدووهۆکارەداچڕدەبنەوە :

هۆکاری جوگرافی وکۆمەڵایەتی –کەلتووری .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێگومان هۆكاری مێژوویش وەك مەرجێكی حەتمی خۆی دەنوێنی.چونكە هەردوو هۆكارەكەی سەرەوە لەپرۆسەیەكی مێژوویدا دەرئەنجام بەدەستەوە دەدەن' (میران، 2002،ل :230)

بۆهەمان مەبەست دلێر شاوەیس (دەڵێت) :

)ئەگەر بتوانین پێناسەی كەسایەتی بكەین بەوەی بریتی یە لە كۆی ئەوخەسڵەت و تایبتمەندییەتی و توانا جەستەیی و،دەروونی،سۆزداری و هزری یە بۆماوەو وەرگیراوانەی مرۆڤ لەپرۆسەی گەشەكردنی مێژوویدا بەدەستی هێناوەو وە لەكەسانی دی جودادەكاتەوە .

ئەوكاتە دەتوانین بلێین كەسایەتی دیاردەیەكی مێژووییە ولەلایەك بەپێی كات وشوێن لەگۆڕاندایەو،لەلایەكی دیكەشەوە كۆمەڵە تایبەتمەندیەتیەكە لە مرۆڤدا،كەهەندێكیان بۆماوەن ولەنەوەیەكەوە بۆنەوەیەكی دی دەگوازرێنەوەووەری دەگرێت .

بەم پێیەش كۆمەڵ وبەهاكانی رۆلێكی بەرچاو لەنەخشەكێشانی كەسایەتی مرۆڤدادەبینن،بۆیە دەتوانین بلێین ئەگەرچی كەسایەتی بەتاكەكەسەوە تایبەتە،بەڵام شێوازیكی كۆمەڵایەتیش وەردەگرێ.سەرەرای ئەوەش كارێكی ئاسان نییە تابلۆیەك سەبارەت بەكەسایەتی كۆمەڵگەیەك بنەخشێنین.دەشێ كەسایەتی نەتەوەیەك یاگروپێكی ئەتنیكی بەمۆزابیك بچوێنین كەوێنەیەك دەنەخشێنێوولە ژمارەیەك خانەپێك هاتووە وهەریەكەیان لەوانی دی جودایە،ئەگەرچی پێكەوەئەونیگارەش دەنەخشێنن(شاوەیس، 2002،ل :232).

عەبدولحەمیدبەرزنجی دەربارەی كەسایەتی مرۆڤی كورددەلێت:»كەسایەتی مرۆڤی كوردكە لەژینگەی لادێی كوردستان دادەژیت،كاریگەری كەلتوری كوردەواری هەرلەشێوەی جل وبەرگ وشێوازی پەیوەندی وزمانی پاراوی كوردی،داب ونەریت وبەهاكانی كۆمەڵگەی كوردی بەئاشكرالەژیانی رۆژانەی دابەدی دەكرێت .

بەڵام رەنگەئەم جۆرە كاریگەرییەی ئاكاری نەتەوەیی لەكەسایەتی مرۆڤی شارنشینی بەئاشكرابەدی نەكرێت،هەربۆیە دەلێن رەسەنایەتی نەتەوەی كوردلەكەلتوری ژیانی لادێ دازیاترچەسپاوە»(بەرزنجی، 2002، : ل245).

بەشی سێیەم

كەسایەتی مەسعود محەمەد ورەنگدانەوەی لەسەر هەندێ لە نووسین و بەرهەمەكانیدا.

***مەسعود محەمەد وشێوازیژیانێكی تایبەت***

مرۆڤایەتی تەنها ئامانجێكی كۆتایی هەیە ئەویش(سەركەوتن و كامڵبوون)ە، بەڵام لێرەدا تاكەكان لەرێگەی جۆرەها رەفتار هەوڵ دەدەن بگەنە ئەو ئامانجانە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەریەکە لە ئێمە لەپێناویگەیشتن بەو ئامانجانەرێگەی جیاواز دەگرینە بەر بۆ دەربڕین لەو خەباتە و، هەریەك لە ئێمە شێوازێکی دەگمەن لە خەسڵەتەکان و جۆرەها ڕەفتار وهەڵسوکەوت بۆخۆی دروست دەکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجە، بەوشەیەکی تر، هەموو تاکێك شێوازێکی جیاواز بۆژیانیپێکدەهێنێت.

(ئەدلەر) دەڵێت هەموو شتێك پێی هەڵدەستین شێوازیژیانی ڕۆژانەمان دای دەرێژێت و دەستنیشانی دەکات،ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەستنیشانی ئەوەمان بۆ دەکات لەو ژینگەیەکە ئاوڕ لەچ لایەنێك بدەینەوەیا چ لایەنێك پشت گوێ بخەین یا چ هەڵوێستێك یا ئاراستەیەك هەڵبژێرین(حەمە ساڵح، 2015، ل :9).

لای (ئەدلەر) شێوازیژیان واتا (کەسایەتی تاك) یان (دەروون) و پێیوابوو شێوازیژیان ئەو (دەروونەیە) کە تاکە خۆی دروستی دەکات، کەواتە خەڵك خۆیان دروستی دەکەن لە جیاتی ئەوەی نەرێنیبن یا ئەزموونەکانی منداڵی دایانرێژێت، بۆیە خودیئەزموونەکان گرینگ نین وەك گرینگی تێڕوانینی تاکەکە بۆ ئەو ئەزموونانە،(ئەدلەر) لێرەدا دەڵێت" تاك خۆی نابەستێتەوە بەپێی لێکدانەوەی تایبەتی بۆ خۆی" وهەروەها دەڵێت" بۆماوەو ژینگە، هیچ کامێکیان کەسایەتی سنوردار ناکەن، بەڵکو ئەو لێکدانەوەیە کەتاکەکەبەکاری دێنێت لەو ئەزموونانە کە دەبنە بناغەیەکی داهێنەر بۆ دروستکردنی ئاراستەکانمان بەرامبەر بەژیان"

(ئەدلەر)باوەری بەبوونی ویستی تاك هەیە، ئەو ویستەی کە وامان لێدەکات بەگونجاوترین شێوەژیانمان دروستبکەین لەو توانست و ئەزموونانەی کە بۆماوە و ژینگەپێیان بەخشیوین، بۆیە ئێمە ئازادین لەوەی هەڵبژێرین و خۆمان دروستبکەین و کاتێك شێوازیژیان دروست دەبێت بە جێگیری دەمێنێتەوە بە درێژاییژیان و بەمەش بناغەیەك دروست دەکەین بۆ دەستنیشانکردنی ئاراستەکانمان و ڕەوشتمان دەربارەی کێشە دەرەکییەکانیژیانمان (هەمان سەرچاوەپێشوو،ل:9).

بەپێی بۆچوونی (ئەدلەر) لەسەر شێوازیژیان، زۆربەی زۆری ئەم بۆچوونەی لە کەسایەتی مەسعود محەمەد بەدیاردەکەوێت و ڕەنگی داوەتەوە لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین لەوانە:-

## ***سادەیی وخاکی***

شێوەیژیانی زۆر وەکو کەسێکی سادەو ساکار پیشانداوە، تەنانەت ئەم هەڵسوکەوتەی لەرەفتارو ڕەوشتی دا لەگەڵ منداڵانیشدا بەهەمان شێوە بووە، هەرگیز خۆی بەزل نەزانیووە و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆریشیرێزی میوانانیگرتووە و لەپێش گەیشتنیان خۆی ئامادەکردووە بۆپێشوازی کردنیان (البناء،2017/1/4) (پەتی،بەغدا، ساڵانی 1991-1998).

ڕێزی لەگەورەو بچووك دەگرت لە میوانانی و هەرگیز نەی دەووت:کاتم نییە! بۆیە جۆرەهامیوان ڕووی تێکردووە لەوانە( قوتابی و مامۆستا و نووسەر و رۆشنبیر و تەنانەت خەڵکانی سادەی دەڤەری کۆیەو هەولێر بۆڕایکردنی کارەکانیان لە بەغدایپایتەخت کەپێویستیان بەیارمەتی هەبووە و یارمەتی داون تەنانەت جاری واش هەبووەپارەی خۆشی داونەتێ(دایکی بنار،2016/12/28).

نابێ ئەوەش لەبیربکەین لەدۆست وبرادەر و هاورێکانی تری بریتی بوون لە(کۆییەکان وماڵی موفتی و دزەییەکانی هەولێر) و هەندێ کەسایەتی دیکەی وەکو (رەجب عبدالمجید) و(ناجیطالب) و (پ.د.کمال مظهر احمد ) و....چەندانی تر (هەمان سەرچاوەیپێشوو،2016/12/28).

## ***سروشتی کەسایەتی***

بەپێی بۆچوونی هەندێ بیردۆزەکانی دەروونزانی و بواری کەسایەتی دەکرێت بڵێین: بەسەرهاتی منداڵی کاریگەری تەواوی لەپێکهاتەی کەسایەتی هەیە و، بەپێی ئەم بۆچوونەش کەواتە هەر گەشەیەك یا گۆڕانێك لەژیانی تاك،بریتیە لە تەنها کاریگەریقۆناغی سەرەتایی منداڵی و،کەسایەتیمان بەپێی ئەم ڕوانگەیە جێگیر بووە لە تەمەنیپێنج یا شەش ساڵییەکەم و هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت، کەواتە کەسایەتیگەنجێك لە کەسێکی بەتەمەن سنووردارکراوە لەلایەن ئەو ئەزموونە سەرەتایانە.

هەڵوێستی بەرامبەر بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە کەسایەتی زیاتر سەربەخۆیە لە رابردوو دەکرێت کاریگەریرووداوەکان و ئەزموونەکانی ئێستا وئامانجەکانی ئایندە لەسەر تاکەکە هەبێت، دیارە ئەم بۆچوونە کاریگەری ئەزموونەکانی سەرەتای تەمەن پشتگوێ ناخات لە دارشتنی کەسایەتی، بەڵام ئەو کاریگەریە کۆتایی و بەردەوام نییە لەبەر ئەوەی ئەزموونەکانی داهاتووش کاریگەری خۆیان هەیە لە بەهێزکردن و گۆڕینی کەسایەتی (حەمە ساڵح،2015، ل :9).

## ***قۆناغی منداڵێتی ونموونەیەکی لە سروشتی کەسایەتی***

لەهەندێ هەڵس وکەوت ورەفتاری مامۆستا مەسعود محەمەد ئەوەی لەڕای بیردۆزکارانی دەروونزانی کەسایەتی ئاماژەمان پێکرد، ڕووی داوە و بەدی دەکرێت لەوانە: "کامەران عبدالصمد البناء

دەڵێت :" بەمنداڵی باوکم بۆیگێڕاینەوە، کەبەیەکەوە هاوینان دەچووینەوەگوندی (حامۆك) یان گوندی( جەلی زادە) ڕۆژێکیان بۆمبێکیان دۆزیووەتەوە ومنداڵان ویستوویانەگەمەییپێبکەن،دەلێ مامۆستا مەسعود محەمەد بەو منداڵیەی ئەو کاتەپێ ووتوون : دوربکەونەوە، ئەوە ئێستا دەتەقێتەوە، کوڕەمامەکانی لەگەڵی دەبن گەمەییێ دەکەن چەند پێان دەلێ ئەمەڕاست نییەو هەڵەیە وا مەکەن، ئەویش دەچێت لە دوورەوەڕادەوەستێ و زۆرییێ ناچێت دەتەقێتەوە، خەڵکی کۆیێ بەدەم هاوارەوە دێن و کەگوێیان لەدەنگیبۆمب تەقینەوەکە دەبێت، دەڵێن: بەس (مەسعود) ساغ بێت و ئەوانی تر هەر کەسێچی بەسەر هاتبێت قەی ناکات!! (البناء،2017/1/4)

***__لایەنی کەسایەتی (جەستەیی)__***

لەڕووی جەستەیی تەندروستیەکی باشی هەبووە هەتا کۆتایی تەمەنی واتا ساڵانی (2000) لەتەندروستیەکی زۆر باش دابوو، بەرنامەی خواردنی خۆی هەبوو، لەوانە حەزی لە هەموو خواردنێکی خۆش و بەتام دەکرد کە بەدەستاوێکی خۆش کرا بوایە لەم خواردنانەش:-یاپراغ و برنجو قبولی- گۆشتی بەرخ وگیسکی تەڕو ناسك، زۆریشحەزیلە کەبابی باش دەکردا!!" لەیاپراغ حەزی لەیاپراغی کۆییانە بووا!!

لەبارەی جل وبەرگ و پۆشاکییەوە، زۆر بایەخی بە قات و بۆیانباغ و مل پێچ ڕێکوپێك و زۆر زووش ریشی جوان جوان دەتاشی.!! (دایکی بنار،2016/12/28).

چونکە لایەنی جەستەیی کاریگەری لەسەر باری دەروونی تاك دەبێ، هەروەها لایەنی جەستەیی کار لە لایەنیژیریش دەکات (بگرە کاریگەری لەسەر سەرتاپای کەسایەتی دەبێت. جەستە وەکو تەواوکاریەك لەگەڵیەکتری کار دەکەن ناکرێ لایەنی جەستەیی لەلایەنیژیری و هەڵچوونی جیابکرێتەوە.

بۆ ئەوەی باشتر لە کەسایەتیمامۆستا مەسعود محەمەد بگەین دەگەرێنەوە لاپێناسەیەکی دەروونزانی بۆ کەسایەتی،ئەویش:" کە هەموو لایەنەکانی دەروونی و جەستەیی وکۆمەڵایەتی وژیری و هەڵچوونی و ویژدانی و جوولەیی تاك بگرێتەوە"(پەتی و حسن،2015، ل:217).

بەپێی ئەو پێناسەی سەرەوە بێت هەندێ لەلایەنەکانی کەسایەتی مسعود محمد ئاماژەپێدەکەین، لەوانە:-

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ژیری و زیرەکی**

لایەنێکیگرینگی کەسایەتی هەموو تاکێکە.زانایەکی وەکو (ستێرن Stern) پێناسەی زیرەکی وا کردووە:"توانایەکیگشتییە لە بیرکردنەوە لەپێناویچارەسەرێکینوێ بۆگیروگرفتەکان" (الزغبی،2001،ل:89).

کەچی زانایەکی دیکەی وەکو (تێرمان) وا پێناسەی زیرەکی دەکاتو دەڵێت:-" توانی تاکە لەسەر بیرکردنەوەی رووت"(الزغبی،2001،ل:89).

بەڵام(بینیە) دەڵێت:" زیرەکی توانای تاکە لەسەر تێگەیشتن و داهێنان و ئاراستەکردنیڕەفتاری مەبەستدار و ڕەخنەگرتنی خودە" (الزغبی،هەمان سەرچاوەیپێشوو،لا:89).

کەواتە لەپێناسەکانی سەرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت خۆگونجان لەگەڵژینگەو دەوروبەر لەڕێگەی زیرەکیەوە بەدیار دەکەوێت، ولەهەمان کاتیشدا زیرەك بریتییە لەتواناییبیرکردنەوە (الزغبی، هەمان سەرچاوەیپێشوو،ل:71).

بیرکردنەوەی مامۆستا مەسعود محەمەد بیرکردنەوەیەکی قووڵ و دوور ودرێژی هەمە لایەنە بوو، لەوانە بیرکردنەوەی لە( گەردوون و ئایین و پەروەردەو رامیاری و ئەدەبی و مێژوو کۆمەڵایەتی و کەلەپوور و تەنانەت زمانیش.

زۆربەی کاتەکانی خۆی لەماڵەوەبەسەردەبردو لەڕووی لایەنەکانی زانستەوەگەیشتبووە ئاستێکی زۆر بەرز وتەنانەت زۆریش لەپێش خەڵکەوە فێری دەبوو (دایکی بنار،2016/12/28).

زمان لای مامۆستا مەسعود محەمەد تەنیا هۆیەك نەبووە بۆ لێکتێگەیشتن بەڵکو زمان لای مامۆستا(ژیان) بووە.

نیوەیگەورەیی و زیرەکی مامۆستا مەسعود محەمەد بۆ زمانەکەی دەگەرێتەوە لەگەڵ بیرکردنەوە قوڵ وفراوانەی کە هەیی بوو بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایەکمان بووا!!)(زیوەر خەتاب،هەولێر،2017/1/14).

**یادگە وبیرێژی**

دیارە مرۆڤ ( 3سێ) یادگەی هەیە، یادگەی هەستی ویادگەیکورتخایەن ویادگەی درێژخایەن.

بەهۆییادگەگەورەو بێ هاوتاکەی مامۆستا مەسعود محەمەد لە ناو نووسینەکانی دا ناوی کەسایەتیە دیارەکانی( شاری کۆیە و هەولێر و شوێنەکانی دیکەی کوردستان) بەپێیپیتی کوردیپۆلێن کردبوو، تەنانەت بەرامبەریان کێ لەژیان دایەو کێ مردووە و یەك بەیەك کەسایەتیەکانی عەرەبی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وجیهانیشی هەروا رێك خستبوو، لەوانە هونەرمەندان و پیاوە دیارەكانی جیهان و تا ساڵی(1961) هەفتانە (8) فیلمی دەدیت، ئەوەشیان دەگەرایەوە بۆ ئەو ئارەزووە هونەریە بەرزەی كە دەبێت چ هونەرمەندێ بووبێ. لەجیهانی عەرەبی فیلم نەبووە نەیدیبێت و هەموو ئەكتەرەگەورەكانی فیلم و سینەمای لە نزیكەوە زانیوە.

بەماشێنی (كامەران عبدالصمد البناء) دەچووە ئەو پرسانەی كە بۆ كەسایەتیە دیارەكانی بەغدا بە كوردو عەرەبەوە دادەندرا بەشداری تێدا دەكرد(البناء،هەولێر،گەرەكی 99، 2017/1/4).

لایەنێكی دیكەی بەشداری كردنی لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی لەشاری بەغدا لەیەكێ لەو دانیشتنەكانی شەكراو خواردنەوە لەیانەی نەقابەیپارێزەرانی بەغدا لەسەر مێزێك (كامەران عبدالصمد البناء و مامۆستا مەسعود محەمەد و كاك فوئاد عارف) دانیشتبووین (خلیل رۆیتر) كەگەورەرۆژنامەنووسێكی عەرەبی بەناوبانگە، هاتە لای مامۆستا مەسعود محەمەد پێ ووت:( محمد حسنین) لە سویسرا تووشی بووم و باسی تۆی كردو ووتی،(انه اعلم منا باللغه العربيه) سڵاوی لێ بكە ئەگەر دیتت!!( البناء،هەولێر،گەرەكی 99، 2017/1/4).

**گەردووناسی**

نامەیەكی نووسی بۆ (د.قدامه ملاح) كە لە ئوردن دادەنیشت ومنیراسپارد (كامەران عبدالصمد البناء) كە لەرێگەی بەرێوەبەرایەتیپۆستەی بەغداوە بۆ ئوردن رەوانی بكەم.لە نامەكەی دا بۆی نووسیبوو:( كەشەوو رۆژ) (24) كاتژمێر نیە،بەڵكو (23) كاتژمێر هەندێكە!! دیارە(د.قدامه ملاح)یش سەری سوڕدەمێنێت و لەبەرنامەكەی (العلم للجميع) باسی دەكات وبە نامەش وەڵامی دەداتەوە و داوای لێ دەكات كە كۆبوونەوەیەكی زانستیگەورە رێك دەخەن و بانگهێشتی دەكات تاكو بۆ ئەو ئامادەبووانەی روون بكاتەوە،بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆیەك یەكێ لەوانە مردنی (د.قدامه ملاح) وهەرەشەكردن لە مامۆستا مەسعود محەمەد لەلایەكی ترەوە، ئەم دانیشتنە زانستیە ئەنجام نەدرا ( البناء،هەولێر،گەرەكی 99، 2017/1/4).

لە بیرەوەری و یاداشتەكانی دا رۆژانەچی كردووە و چی كڕیووە و كێ سەردانی كردوە لەماڵەوە تەنانەت كەش و هەوا چون بووە هەموو نووسیووەتەوە و،وەكو دەستنووس تا ناوەراستی (1990). لەلایەن بنەماڵەكەیان و لای هاوسەرەكەی دایكی بنار پارێزراوە(دایكی بنار،هەولێر،28 /2016/12).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆرجاران کەلەماڵەوە لەناو باخچەکەیان دادەنیشت و باڵندەکان بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە، یەکسەر دەیژماردن بەرەنگیانەوە و زۆر بەخێرایی تەنانەت لەناو باخچەکەیان دەیزانیچەند لیمۆ و نارنج بەدارەکانەوەیە.!!

***لایەنی کۆمەڵایەتی مامۆستا مەسعود محەمەد***

لەلایەنی کۆمەڵایەتی لەڕادەبەدەر پەیوەندیەکیپتەو و بەهێزی لەگەڵ زۆر بەی زۆری شاعیر ونووسەر و ڕۆشنبیر و گەورەپیاوانی کورد و عەرەب هەبوو جگە لە خەڵکە سادەیی و ڕەش وڕووتەکەی کۆیی و هەولێر، لەبەر ئەوەی ماڵیان لە بنەماڵەیەکیگەورە و دیاری کۆیێ بووە بەهۆی باوکی و بنەماڵەی (جەلی زادەکانەوە) بەردەوامی وەرگرتووە و خەڵکی هەمیشە سەریان لێ داوەن ئەمەچ لەشاری کۆیێ و دواییەکەی کەچۆتە بەغدایپایتەختیش خەڵکی هەر لە دەرگای ئەو بەرێزەیان داوە و خۆی دوورەپەرێز نەگرتووە لەڕۆلەکانی میللەتەکەیچونکە خۆی خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتی خۆی بوو.

لایەنێکی دیکەیپەیوەندی کۆمەڵایەتی مامۆستا مەسعود محەمەد،ئەو ماوەیەی کە لە بەغدا دەژیا لەگەڵ خوالێخۆشبووان (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وفوئاد عارف) و پ.د.کمال مەزهەرپەیوەندییەکی بەهێزی هەبووە.

***ژینگەپارێزیودۆستیگیانداران و ئاژەڵان بووە:***

لەزاری (بناری کچە تاقانەکەی) کە دەگێرێتەوە و دەڵێت:"باوکم هەم باوکم بووا!!هەم وەکو هاوڕێیەکیرێنیشاندەرم بووە.

ئەوەیپێی سەرسام بووم لە باوکم،هاورێتی وبەزەیی هاتنەوەی بوو بەو پشیلەیەی کە لە دەرەوەیباخچەکەمان دەژیا لەکاتی کە خۆی خواردن و ئاوی بۆ دادەنا....دیارە باوکم بایەخێکی زۆری بە باخچەی ماڵەوە دەدا. لە ئاودان و پاراستن

و لەژوورەوە تێلی*پەنجەرەی ناندینی* ماڵەوەمانی کون کرد بووا!! کە فیتەیەکی لێ دەدا یەکسەر پشیلەکە و بێچووەکانی (فەرخەکانی) دەهاتنبەدەم فیتەی باوکمەوە ئەویش خواردن و ئاوەکەی دەدانێ!!(بنار،هەولێر،28 /2016/12).

***توانای بیرکاری***

لەبارەی بیرکاری و ژمارەییەوە شارەزاییەکی زۆر چاکی هەبوو بەڕێگەی تایبەتی خۆیەوە کۆکردنەوەو لێکدان و دەرکردنی و دابەشکردنی ئەنجام دەدا. (دایکی بنار،هەولێر،28 /2016/12).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***توانای شوێن و جێگایی***

دیارە سەردانی هەر شوێن و جێگایەکی بکردابایە زۆر زیرەکانە مامەلەی لەگەڵدا دەکرد،لەوانە: چۆتە سەرۆکایەتی زانکۆی بەغدا لە(جادریە) یەکسەر بەسەر () نهۆمە کەوتووە هەموو پەیژەکانیژماردووە. توانایەکی لەڕادەبەدەری هەبووە لە بەراوردکردنی شوێن و شتەکان(هەمان سەرچاوەیپێشوو).

***هەندێ لە نووسین و نامەگرینگەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد***

یەکێ لەنووسینە کاریگەرەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد، ئەوەبووە کەرۆژێکیان لیستیپارەی ئاوێیان بۆ دێ و برەکەی (350) دیناری سویسری ئەو کاتە دەبێت،ئەویش موچەی خانەنشینیەکەی کە وەزیری بووە (130) دینار بووە، بەوتارێکیگاڵتە ئامێز دەنووسێ و لەرۆژنامەی (الجمهوریە) بڵاوی دەکاتەوە، سەرۆکی ئەو کاتە (صدام حسین) دەیخوێنێتەوە و یەکسەر (ئەحمەد حسین) ی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی بانگ دەکات و پێی دەڵێت: بە وەزیریراگەیاندنی ئەو کاتە کە (لطیف نصیف جاسم) ە بلێ. با پەیوەندی بە مامۆستا مەسعود محەمەد بکات و پێی بڵێت :ئەو بلیمەتە ئەو نووسەر و رۆشنبیر و عەرەبی زانە کێیە؟ بزانن پێویستی بەچییە؟!

هەروەها لە وتارەکەی دا باسی (محەمەد) ی کوریشی کردبوو کەبە (3) پاسی هاتووچوو دەگاتە شوێنی خوێندنی واتا زوو پێراناگات لەکاتی خۆی بگات کە (صدام) ئەوە دەخوێنێتەوەیەکسەر ئۆتۆمبێلێکی (نصر) ی میسری نوێی بۆرەوانە دەکات.

دیارە کە وەزیریرگەیاندن دەیەوێت پەیوەندی بە مامۆستا مەسعود محەمەد بکات، تەلەفۆنی ماڵەوەیان لەکار کەوتبوو(تێکچوو بوو) چاکیشیان نەکردبووەوە تا هەر دوای ئەم پەیوەندی تەلەفۆنیەوە لەرێگەی بەرێوەبەرایەتیپۆستە لە تەلەفۆناتی بەغدا بۆ وەزارەتیراگەیاندنیچاك دەکەنەوە، کاك (کامەران عبدالصمد البناء) دەڵێت:"دووجار بەرێکەوت لەماڵی مامۆستا مەسعود محەمەد بووم کە (لطیف نصیف جاسم) وەزیریراگەیاندن تێلی بۆکرد و پێی ووت:( سیدالرئیس=سەرۆك کۆمار دەڵێچی دەوێت تا بۆی بکەین؟! فەرموو: ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی هیچم پێویست نییە زۆر سوپاس. وەزیریراگەیاندن ووتی : پێم خۆشە بتبینم!! ئەویش ووتی: من نە تەلەفۆنم هەیە و نەدەتوانم بێم بۆلات!! وەزیریراگەیاندنئۆتۆمبێلی بۆنارد و کە مامۆستا مەسعود دەچێت: دەبینێ (لطیف نصیف جاسم لە دەرەوە وەستاوەو بەرەو پێشوازی دێت!! ( البناء،هەولێر،گەرەکی 99، 2017/1/4).

***هەندێ لە نامەگرینگەکانی کە (کامەران عبدالصمد البناء) ئاگاداری بووە***

1-ئەو نامەیەی کەبۆ (د.سعدون حمادی) نووسیبوو، ئەو کاتە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی بوو، نامەکەم بردە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراقی ودامەپرسگە لە (علاوی حلە)، پوختەی نامەکە بریتی بوو( کەتۆیەکێکی خاوەن بڕوانامەکی وایت ولەم ئاستە بەرزە دایت چۆن بەم پلەوپایەیە نزمە رازی بویت؟! بەم پلەوپایەیە نزمتر بویت!!.

2-نامەیەکی تر کە بۆ سەرنووسەریگۆڤاری (القبس الكويته)ی نووسیبوو کە (جاسم محمد صگر)بوو، لە کۆتایی ساڵی نۆهەت بوو کە کەسایەتیەکیرۆشنبیریگەورەی عەرەبی بوو،هەروەها بێ لایەن ولە بیروراکانی دا لەهەرە باشەکان بوو،دیار بوو زۆرجار جیابوو لە عەرەبە شۆڤینەکان.

بۆ نووسنگەیگۆڤاری (قبس)م برد لە(باب المعظم)-دەرگا گەورەکە) بوو، دامەدەستی بەردەستی ئەم نووسینگەیە.بەڵام دوای (2-3) ڕۆژگرتنی کویتی لەلایەن عێراق ئەنجامدرا،نازانم نامەکەگەیشتبوو یاخود نا!!

-ڕۆژێکیان لەساڵی (1990)بوو، رۆژومانگەکەیم بەتەواوی لەبیرنەماوە، مامۆستا مسعود محمد تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: وەرە بەدوام وبمبە میوانخانەی(شیراتۆن) ی بەغدا( د.محەمەد معایرج) ی بەرەسەن میسری و ڕەگەزنامەی(ئیماراتی) کە سەرۆکی کۆڕی زانیاری ئیماراتی بوو لەلایەن (شیخ زاید) ڕەوانەکرابوو، دەیویست ئەو قورئانەی کە بەزمانی کوردیڕاڤەکراوە لەلایەن مەلایگەورەی باوکی مامۆستا مەسعود محەمەددانەیەکەی واتا دەستنووسەکەی لای مامۆستا مەسعود محەمەدی کوریەتی لێ وەربگیرێت و دیارە ئەویش دایێ وبەڵام نازانم چاپکرا یاخود نا؟!

گفتوگۆیەکی (3) کاتژمێریان لەسەر زمانی عەرەبی ئەنجام دا کە(د.محەمەد) زۆر پێی سەرسام بووا!! ( البناء،هەولێر،گەرەکی 99، 2017/1/4).

***کەسایەتی مامۆستا مەسعود محەمەد و ڕەنگدانەوەی لە هەندێ نووسین و بەرهەمەکانی دا.***

ئەمڕۆ سایکۆلۆژیا لە ئاستێکی ئەکادیمی هەرە بەرزو لەپێشە ولە هەموو بوارو گۆشەکانیژیاندا ئامادەیی زیندووی هەیە و ئیشی سەرەکیشی لەسەر مرۆڤ خۆیەتی و هەر بۆیە لە دیکارت ودواتر لە کانت و پاشان لە کیرکیگاردو هیگڵ و ئینجا لەیاسپێرز و هۆسیرل و دواتر لە هایدگەر

و زۆر لە فەیلەسوفە تازەکان هەست بەبوونیپرۆژەی سایکۆلۆژییگەورە دەکرێ و تێکستەکانیان زیاتر سایکۆلۆژین. (حوسێن،2017، ل :12-13).

نووسینەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد واتە بەرهەمەچاپکراوەکانی بەکوردی (24) بەرهەمەو بەزمانی عەرەبیش (5) بەرهەمی بەچاپگەیاندووە، جگە لەچەندان نووسین و چاوپێکەوتن و نامەی کاریگەر.

لێرەدا لەیەکێ لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد کە ئەویشیان:"گەشتیژیانم"ە دەمانەوێت شێوازیژیانی لەڕووی کەسایەتی وپەروەردەیی ودەروونزانی و کۆمەڵایەتیەوە دیاری بکەین.

هونەریژیاننامە نووسین بابەتێکیگرنگ و پڕ بایەخە، میکانیزم و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، دیارە هەروەکو چۆن مامۆستا مەسعود محەمەد هەمیشە خاوەنی دیدوبۆچوونی جیاواز لە هاوسەردەمەکانی خۆی بووە، بەهەمان شێوە لە نووسینی ئەم ژیاننامەیەشدا هەست بە جیاوازی و جیهانبینی تایبەتی مەسعود محەمەد دەکرێت.ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا لە کەسایەتی مەسعود محەمەد بگەین و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمی"گەشتیژیانم" دایە.

ژیاننامە وشەیەکی لێکدراوە لە (ژیان+نامە) کەواتە مەبەست لەو نامەیە کەپەیام و هەواڵیژیانی تێدا هەڵگیراوە،لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (سیرە) ی بۆ بەکاردەهێندرێت(سەعید،2017، ل:241).

لە فەرهەنگی دەریادا بەرامبەر بەکوردی ئەمانە نوسراوە، ژیاننامە،ناوبانگ، چیرۆك،ڕاز،داستان،بەسەرهات،سەرگوزشتە،سەربوردنامە،مێژوو،باسوخواسیژیانییەکێك یان کۆمەڵوگرووپێك و مەزهەب و ڕێگا(کەریم،1971،ل:463).

لەزمانی ئینگلیزی دا وشەی (Biography) پێدەوترێت واتە (وەسف یان باسکردنیژیان) وشەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە" Bios، بەواتای (ژیان) و Graphein واتە (وەسف) (شرف،1992،ص:30).

کەواتە بەو گوزارشتکردن و باسکردن و گێرانەوەیە جۆرێك لە شێوازیچیرۆك گێرانەوە لەخۆ دەگرێت. نووسەر لەچوارچێوەی تێکستێکدا باس لەڕووداوەکانیژیان و بەسەرهاتەکانی دەکات،لێرەوە بەرەو (ژیاننامەی خودی) دەچێت و دەپرسین (ژیاننامەی خودی) چییە؟ ئایا نوسەر ژیاننامەی خۆی دەنوسێتەوە، یان هی کەسانی دیکە؟(سەعید،2017،ل:242).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***ژیاننامەی خودی***

ئەم زاراوەیە بەرامبەر ئۆتۆبیۆگرافیا(Autobiography) دێت کەلەبنەڕەتدا یۆنانیە لە (Auto خود Biosژیان Raphine وێنە) (الحانی،1968،ص: 59).

ئەم زاراوەیە لە ساڵی 1850 لە فەرەنسا (فیلیپ لیجین) دایهێناوە لەم چەشنەدا ئەو کەسایەتییە خۆیچیرۆك و بەسەرهاتی خۆی دەنوسێتەوە نەك کەسێکی تر)

( ئەسوەد،2015،ل:102). کە مەبەست لێی نوسیین یان وێناکردنیژیانی خودە، لە عەرەبیشدا زاراوەی "السيرەالذاتية" ی بۆ بەکاردەهێندرێت، کەواتە مێژووی تۆمارکراویژیانی خودی نووسەرەکە دەگرێتەوە.

دەشتوانیین بڵێین بیۆگرافیا نووسینەوەیچیرۆکیژیانی نوسەرێك،زانایەك سیاسەتمەدارێك،شاعیرێك،بیرمەندێکە،لەلایەن کەسێکی ترەوە، بەڵام ئۆتۆ بیوگرافیا بریتییە لەو چەشنەی زانایەك،سیاسەتمەدارێك، نوسەرێك، بیرمەندێك، شاعێرێك خۆیچیرۆکیژیانی خۆی دەنوسێتەوە (سەعید،2017،ل:242). ئەمەیان ڕێك مامۆستا مەسعود محەمەد دەگرێتەوە.

وەکو بیرمەندێك خۆیژیاننامەی خودی خۆی نووسیوەتەوە، بەڵام زۆر بەوردی و زیرەکانە و سەرنج ڕاکێشەرانە.

(گەشتیژیانم) ژیاننامەی خودی (مامۆستا مەسعود محەمەد)ە کەبەشێوەیپەخشان نوسراوە، هەندێجاریش هۆنراوەی تێکەڵکردووە، یەکێکە لە شاکارەکانی مێژوویژیاننامەی خودی، لێرەدا دەمانەوێت چەندان نموونەی لێ وەرگرین کە لە( گەشتیژیانم )دا بەکاریهێناوە.

***1-توانای زمانەوانی:***

ئەگەر ویستبای دەیتوانی لە شێخایەتی ناو دەربکات بەڵام لەگەڵ شێخ خدری کاکی لە زوێکەوە ملیان نایە کەسابەتی شینایی و خەلە وخەرمان و ئاژەڵ بەخێوکردن. بێئەندازە خزمەتی خەڵکیان دەکرد و هەرچی لە کەسابەتەوە بکەوتبایە خوانیانەوە دەور دەکرایەوە بۆ هەناوی میوانەکانیان (گەشتیژیانم،ل:14).

نموونەیەکی دیکەی لایەنی بەرزی توانای زمانەوانی (مامۆستا مەسعود محەمەد) لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەیرەسەنی کوردی و بەکارهێنانیان لە شوێن و جێگای خۆی دا و زۆر بە جوانیپێکاوە:" دەیگوت، خەلقی دیکەش دەیانگوت، تەنگەتاوی سەرمای ئەو ساڵە وەهای کرد خەڵق

چاوە خانووهەڵوەشێنن و دارو چیلکە و چرووی ساپیتەی (ساپیتە:بنمیچ) بکەن بە سووتەمەنی"(گەشتیژیانم،ل:34).

"قەندیلی سەرکێش وبێپەڵە..... دەربەند و پژدەر. شاخ لە دوا شاخی خۆشناوەتی... کۆسرەتی لایڕاست و ئاوەگردیلایچەپ... نرکەییێمەڕەداکان و ڕەش هەڵگەڕانی خاکی کێڵراوو گرپەی ئاگریچایە و هاتوباتی حازرکردنیژەمی نیوەڕۆ بەنانی تیری و هێلکەو تەرەپیاز و ماست و پەنیر و قەیماغییەوە" ژیانێکە دەست هەموو سوڵتانێك ناکەوێ (گەشتیژیانم،ل:36).

## 2-توانایپیشەیی:

ڕەهەندێك لەڕەهەندەکانی کەسایەتی هەر تاکێك، ڕەهەندی کارامەیی،پیشەیی، جووڵەییبە. کە لێرەدا (مامۆستا مەسعود محەمەد) زۆر زیرەکانە ئەم ڕەهەندەیڕەنگی داوەتەوە لەم بڕگەیەی خوارەوە کە باسی هەموو پیشەییبەکانی(کۆیە) دەکات.

ئەو میوانای کە لە کۆیەڕوویان تێ دەکردین بۆچەند رۆژێك وەیا حەفتە زیاتر لامان دەمانەوە هەر یەکەیان بەپێی ئەو کاسبیەی لێی شارەزابوو خزمەتیچنارۆکییەکانی دەکرد .

سەرتاش بوایە سەری خەلقەکەی دەتاشی، جلدروو وپینەوپەرۆی بۆ دەدروون، نەجار کەلوپەلی بۆیان لەبار دەکردەوە .. نالبەند کاری خۆی دەکرد . هی وەهای تێدا بوو شارەزای هەنگ لەگەلمان دەگەرا شان و هەنگی دەدۆزیەوە و هەنگوینەکەی بۆ دەردەهینایەن . خوڵاسە هەر یەکەیان مەهارەتەکەی خۆی دەخستەگەڕ ( گەشتیژیانم، ل 42) .

لە ریزگرتنیپیشەو رەنجبەری ئازاو چالاکیش ئاماژەپێ دەکات و دەڵیرەنجبەریکیچاك هەزار سۆفی و دەرویشی عەمەل بەد دەهێنی (گەشتی ژیانم. ل : 43 )

## 3 – توانای هونەری فەلسەفەی جوانی هونەر:

ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە جوانی و سروشتیچنارۆك لە کۆیە و بەرزاییەکانی هەیبەت سولتان ئەوەندە جوان و دلگیر بووە لای ( مامۆستا مەسعود محمد ) هەرگیز لێی بیزار نەبووە و لە جوانی دا مەست بووە، ئەوەتانیچنارۆکی بەستاوەتەوە بەیاری و دیاری مندالانە : (( بگەرێمەوە بۆچنارۆك،گەلێك دۆست و برادەر سەردانیان دەکردین . تا منداڵ بووم پتر کەیفم بەو میوانانە دەهات کە دیاری منداڵانەیان پێ بوو . کەسیکی مەحرەم بو وایە دەیزانیچەند منداڵ هەن و کەیفیان بەچی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دێت .لە هەمووان شارەزا تر كاك زاهیری حەمەلال بوو .لە شیرنەمەنی حەلقووم و بادام و شەكری كەسك و سووری بۆ دەهێناین ( گەشتیژیانم، ل: 42) .

جوانی هونەری (مامۆستا مەسعود محمد ) تەنیا بۆ كوردستانی باشوور نەبوو، بگرە لە سەردانێكی كەبۆ وڵاتی( شام ) ی كردووە، ئەوەندە بەجوانی و وردی باسی خانوو و دانیشتوان وبازارو سەراكانی كردووە هەستی خوشەویست دەبزوێنی بەرامبەری :- (( شام شارێكیرێخ سووك و فێنك كرایەوە بوو، دانیشتووەكانیشیپتر بەلای شارستانەتیدا چووبوون، وێنەی خانووەكان و بازاڕەكان و سەراو دایەرەكانی حكومەتی كە لە سەردەمی توركەكانەوە مابوونەوە، لەچاو هی بەغدا،گەلێك بەولای جوانی و رێكی و هونەردا دەچونەوە تەنانەت باڵەخانە نوێیەكانیشی هەر یەكەگیان و هەست و چەژنێكی دەدایەوە، كەسایەتی ئەندازیارەكەی بە دەنگ دەهێنا نەك تۆپەڵەیەك لەچیمەنتۆی شیشەرێژو دەرگە و پەنجەرەی حازر بەدەست (گەشتی ژیانم. ل : 459 ) .

## ***4- توانای تۆمارگەییادگەیی :***

لەهەر تاكیك دا (3) یادگە هەیە : - یادگەی هەستی و یادگەی كورت خایەن و یادگەی درێژ خایەن، ئەوەی لێرەدا ئێمە ئاماژەیپێ دەكەین توانای تۆماركردنییادگەیی (مامۆستا مەسعود محمد ) ە كە زۆر بە وردی ودروستی تۆماری كردوون ئەمەشیان لە كەم كەس بەدی دەكرێت،چەند نموونەیەكیان دەخەینە روو: -

أ-كافیەی مەلایان،یەكێك بوو لە سێ خوشكی بێبرا، پاش حسینی باوكیان بەدوا یەكدیدا شوویان كرد .

كافیە بە مێردەكەیەوە دانەنیشت ناشزانم بۆچی لێی تۆرا، بەڵام یەكسەر هاتەماڵی باوكم .
ئەوسا ڕەنگە عومرم سێ ساڵان بوو بێ . كافیە لە ماڵمان مایەوە شووی نەكردەوە . هەتا خەڵقندەیەك هەبووبی وەفادارو دلسۆزو بێخەوش و جانفیدا لەگەڵ ئەو ماڵەی تێیدا **فراژی بووبێ**بە كافیەی مەلایان ناگات .

ئێمەی لە خۆی خۆشتر دەویست چ جای لە خزم و كەسی . عومری خۆی بە ئێمە بەخشی (گەشتی ژیانم. ل : 46 ) .

ب – (( لە بیرەوەری هاتوباتی فتارەكانیڕەمەزان كەوا جاری ساوا بووم رۆژووم پێ نەدەگیرا بەچاكیم لەیادە كە ئێوارەیەكیان ڕۆژ لە زەردەپەڕ بوو، دنیاش سارد، زلۆبیەكم بردە سەربان بە دووپەنجەی دەستیڕاستمەوە بەرەو هەتاوم ڕاگرت،گوایا سارد نەبیتەوە هەتا دەمی مەلا بانگدانی ئیوارە بەلام زۆرم خۆپێ نەگیراو زلۆبیەكم خوارد. ... (گەشتی ژیانم. ل : 72 ) .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***5- بیرکردنەوەی داهێنەرانەو رەخنەگرانەو کراوەیی :***

**بیروڕای کراوە**: لەم نموونەی خوارەوە بە ئاشکرا بەرجەستە کراوە لای (مامۆستا مەسعود محمد):(زۆر جار لە تەنهاییدا دەمەتەقە لەگەڵ ناحەزێکی خۆم هەڵدەستێنم. ئینجا چونکە من پتر لەو شارەزای عەیب و عاری خۆم هەم باشتر دەتوانم خۆم سەغڵەت بکەم هەر چونکە دەشزانم گەلێك زوڵمی کە بە قسەو نووسین لێمی دەکات دەچێتەوە بۆ باوەرەچەوتەکەی نەك چلکنی دەروونی ( جگە لە بەعزە کەسانێك کە تیجارەت بەو تەرزە نا حەزییەوە دەکەن ) پتر ماندوو دەبم لەپاکانە بۆ خۆ کردن،چونکە دەبێ لە وتوویژەکەدا باوەرەچەوتەکەی بگۆڕم ئینجا تەمام هەبی بەگۆڕانی بیروڕای بەرامبەرم ( گەشتیژیانم، مەسعود محمد ل : 456 ) .

**بیرکردنەوەی رەخنەگرانە:**

لەم پەرەگرافەی خوارەوە،گفتوگۆیەکیچڕ وپڕ ولەهەمان کاتتدا بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی بابەتیانەی بەجێی تیایدا جێبەجێکردووە و ئامانجی ئەم وتوویژەی زۆر جوان و زیرەکانەپێکاوە:(جارێکیان وەفدێکی سۆڤیەتی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەکادیمی سۆڤیەتی سەری بەغدا دەدا، من قسەم کرد، وەها بۆم سازا کە قسەکانم لەچەژی میوانەکان خۆش بێت،گوتم، خۆشبەختانە ئەو کەمتر پەیوەندییەی نێوان ئەکادیمی سۆڤیەتی و کۆری زانیاری عیراق کە جێگەیپەرۆشە کۆری زانیاری کورد کەلێنەکەیپڕ کردۆتەوە بەو پەیوەندییە بەهێز و بەردەوامەی کە لەگەڵ بنگە سەقافیەکانی سۆڤیەتیدا بەستویەتی تا ئەوەی مەکتەبەیەکی رێك وپێکی لە کتێبی دیاری سۆڤیەتستان پێك هیناوە.. کە هاتمە سەر باسی کۆرەکەمان گوتم، کۆری زانیاری کورد لە دوو نوختەدا جودا دەبێتەوە لە هەموو بنگەیەکی وەکوو خۆی کە لەم جیهانەدا پەیدا بووبێت. یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە لە هیچەوە دەست پێدەکەین، سەحرایەکمان لەپێشە دەبێ بە درەخت سەوزی بکەین، نوختەیەکی دووەم خۆی رەپێش کرد بێگومان لەو نوختە تاربوویەگەلێك پەسەنتر بوو، هەر بەدەم قسەکانەوە، بێ هەڵوەست گوتم.. ئەوەیە کە ئێمە هەر لە سنووری کوردستانی عیراق دەتوانین تۆیژینەوە لە سەقافەتی کوردی بکەین، هەرچی کوردستانی ئێران و تورکیا هەیە بە روماندا داخراوە، ئەمەش تاوانی سیاسەتە دژی زانست. مەزنەکەی سۆڤیەتی لەوەڵامدا بەرووی خۆشەوە قسەی دۆستانەی کرد و ئاواتیگەشەکردنی بۆ کۆرەکەمان خواست و لەئاکامدا گوتیشی ئومێد دەکەین رۆژێك بێت سیاسەت نەتوانێ غەدر لە زانست بکات...( گەشتیژیانم، ل.457).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بیرکردنەوەی داهێنەرانە و زمانی دەربڕین:**

ئەمەی خوارەوە نموونەیە لە بیرکردنەوەی داهێنەرانەی مسعود محمد و زمانی دەربڕین وئاستێکی زۆر بەرز کە بۆتە مایەی سەرسامبوونی خانمێکی عەرەبی لە عەممان. مسعود محمد دەڵێت( ئافرەتەکە بەرەو لامەوە هات ئیزنی خواست لەگەڵمدا بدوێت.. خۆی ناساند کەناوی– منی رەمەزان- بوو گوتی بۆ ماوەیچەند رۆژێك لە عەممان دەمێنمەوە خۆم و مێردم و برایەکم بەیەکەوەین حەز دەکەم بیانناسیت، خویشم ماستەرم هەیە لە ئەدەبی فرەنسی، لە زانکۆی ئەمریکایی بەیروت و خەریکی دکتۆراشم.. گوتی،گۆیم لەقسەکانت بوو کە هەرگیز شتی وەهام نەبیستبوو لە جۆریبۆچوون و بیر وباوەر، بۆچی ئەو فیکرەت بەزمانێکی ئەوروپایی بەڵاو ناکەیتەوە؟ لەوەڵامدا تێم گەیاند کە حاڵ و بارم چۆنە و نازانم چارەنووسم چییە، لە کۆی ئەو دەسەڵاتە بهێنم بە ئاوارەیی بژیم و ئەرکیچاپ هەڵبگرم، بەزمانێکیش بنووسم کە باشی نازانم، ئیتر دەبێ زمانزانێك پەیدا بکەم نووسینەکەم بۆ وەربگێرێتە سەر زمانێکی ئەوروپایی( گەشتیژیانم، ل. 485).

***<u>6- ژیری /زانیاری کەسایەتی</u>***

ڕەهەندێکە لەو سێڕەهەندەی کەسایەتی هەر تاکێك لەتەك ڕەهەندی ( هەڵچونی / ویژدانی ) و ڕەهەندی جولەیی / کارامەیی / پیشەیی کە لەووەو پێش باسمان کرد،بەڵام لێرەدا چەند نموونەیەك لەڕەهەندیژیری /زانیاری ( مسعود محمد ) دەخەینەڕوو کە لە (گەشتیژیانم ) دا ڕەنگیان داوەتەوە :-

مامۆستا عومەر ئەمین : خەلقی هەولیر بوو، باشترین دەرسدەری ( قراءە )و حیساب بوو . دوای دەیان ساڵ بۆیگێرامەوە ( خوشم لەبیرم بوو ) کە لە ماوەیەکی کورتدا فێری نووسینی بووم هێندەشم لێرازی بوو کە زۆر جاران لە کاتی دەرسدا بە دوایدا دەناردم لەپۆلی خۆمەوە بۆپۆلی لە خۆم هەوراز تر، دەچووم و پرسیارێکم وەڵام دەدایەوە کە قوتابیەکی ئەو پۆلە وەڵامییێ نەدرابۆوە، تا بشلێی مەمنوونی دەکردم کە دەمبیستەوە لای باوکم ڕەزامەندی خۆی بەرانبەرم دەربڕیوە مامۆستا عومەر ئەمین لەپاشی خۆی دیاریەکی باشی بۆ سەقافەتی کوردی بەجی هیشتووە، ئەویش د . وریا عومەر کە لە سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەوروپا بەر خوردار بووە و خزمەتی زمانەکەمانییێ دەکات ( گەشتیژیانم، ل: 113).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونەیەکی دیکەی زانیاری وردی (مامۆستا مسعود محمد ) کە بەشیك بووە لە کەسایەتی و زۆر بە ئاشکرا بە دیار دەکەویت کەچ جۆرە زانیاریەکی بە نرخی لا هەبوو، لەپاڵژیریەکەی بەیەکەوە بەکاری هیناون، وەکو ((داماو سەید حوسین حوزنی موکریانی ناوە ناوە سەردانی مەلا ئەفەندیی دەکردلە مزگەوتەکەی قەڵات . کە باوکم هاتبایە هەولێر و حوزنیش لە هەولێر بایە دەهاتە لای . وەك کە ماموستا گیو دەگیریتەوە وە لە هەندی نووسینەکانی خۆیدا، سەید حوسین لە مەسەلەیەکدا سەغڵەت کرا، مەلا ئەفەندی و باوکم پشتگیریان لێ کرد . من، بێ ئەوەی لە نزیکەوەچەندو چۆنی مەسەلەکە بزانم، هەستم دەکرد لە هەندێ سەردانەکانیدا، سەید حوسین بێئارامییێوە دیارە . هەتا پتر هوۆشم بە دنیا دەشکا پتر خەفەتم بۆ سەید هەڵدەگرت،تۆ وەرە وەکوو کەپشیلە بێچوەکانی بە دەم دەگێری بۆ شوێنی سەلامەت، چاپخانەیەك لە سووریەوە بە شان و مل هەڵگرە بۆ خزمەتی کوردایەتی و چوارگۆشەی وڵاتیپێ بکە، بە ئەرك و مەسرەفیژیانی کۆڵەمەرگی کتێب دانی لە زیندووکردنەوەی ناو ومیژووی میللەتەکەت ئینجا لە جیاتیپاداشتی جاکەو مەردایەتی قەبرت بۆ هەلکەنن !! پەحا کە ئەم دنیایە ناوە ناوە خۆی وەها خویروو دەکات کەلکیپیوە نامێنی ( گەشتیژیانم، ل 176) .

### 7- هەڵچوونی / ویژدانی لە ڕەهەندی کەسایەتی ( م . مەسعود محمد ) دا :

ڕەهەندیکی دیکەی کەسایەتی هەموو تاکێکە، کەڕەهەندی هەڵچوونی / ویژدانیە،مرۆڤ بێ ئەم هەڵچوونانە ( پێکەنین،گریان، خۆشی، ناخۆشی، تورەبوون، هەست سۆزو خۆشەویستی زەردەخەنەو ............ تاد ) ژیان هیچ واتایەکی نابێت وئەم ڕەهەندە تەواوکەری هەردوو ڕەهەندیژیری / زانیاری و ڕەهەندی جولەیی / کارامەیی / پیشەییە، نموونەی ئەم هەڵچوونی / ویژدانیە دەخەینەڕوو:-

ناو ناوە نیوەرۆژم لای هاورییە کۆیەکان دەخوارد لەو خانوەی کە لە تەیراوە تێیدا کرێگرتە بوون رۆژی وەها خەبەرم بەپیاوەکانی مەلا ئەفەندی دەدا کە بۆ نانی نیوەرۆ ناچمەوە مزگەوتی قەلات،یان قاسمم تێدەگەیاند . ئەو هاورییێانە تفاقی بژێویان لە ماڵەوە بۆ دەهات یان کە لە عوتلە دەگەرانەوە بۆ هەولێر لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنا . باوەر بکەن ئەو لوقمەپاکەی لەو رۆژانەدا بە هەستی برایەتی تێکەڵ لەگەڵ هەستی غەریبی بەیەکەوە مان دەخوارد، دەتگوت خۆراکی بەهەشتە، لە بیری ناو حەوشە ئاویان هەڵدێنجا ( گەشتیژیانم، ل: 158) .

مجلة قەلاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***8- پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزو پەرت و بڵاوی لە ئاستی جیا جیا کۆمەڵگە :***

یەکێ لە سیما دیارەکانی مرۆڤپەیوەندی کۆمەڵایەتییە و بگرە لایەنێکیگرنگی کەسایەتی هەموو تاکێکە، بەڵام ئەم پەیوەندییەرێژەییە، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆرێت . هەیانەپەیوەندی فراوانە و هەشیانەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کزە و هەشیانە مام ناوەندییە (مامۆستا مەسعود محمد) پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە منداڵێکەوە بگرە دەست پێ دەکات تاکو دەگاتە بەساڵاچوویك لەگەدایەکەوە تاکو دەگاتە سەرۆکی ووڵات و وەزیرو کاربەدەستیگەورەی دەوڵەت، لە سەر ئاستی ناوچەیی لە (کۆیاتیەوە بگرەپەیوەندی نیوانی مامەکانی و خالانی لەپژدەر و هاورییانی لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا و شام و بیروت و ئیران و لەگەڵ بالیۆزی ولاتان و تەنانەت سەرکردەی هەندی ولاتانی عەرەبی لەو پەری بەهیزی و خۆشی دابووە . لەوانەی هەولێر ماڵی ( مەلا ئەفەندی و ماڵە دزەییەکان بووە ) .

نموونەیەکی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە جوان و پڕپێزی (مامۆستا مسعود محمد):لێرەدا پێویستە

بلێم رێکەوت وەها بوو خوالێخۆشبووی جەمال بابان وەزیری عەدل بوو، کاکە زیاد تەکلیفی لەبەر نا بۆ حاکمایەتی من . ئەویش بی ئەوەی لەگەڵ مندا شناسایی هەبیت تەکلیفەکەی هەڵگرتەوە و بیوەخران مەرسوومی دەرچواند بۆ تەعینم لەلایەکی دیکەشەوە ناچار بووم سەد دینارم لە ئەحمەداغای حەمەدەمیناغای دزەیی وەرگرت بۆ سەفەری بەغدا و گوێزانەوەی بەشە مالێکم بۆ سلێمانی . ئەحمەد لە برام لێم نزیکتربوو، تەقیە لە نێوانماندا نەبوو وەختێك لە 1964 بوومە وەزیر، لە سەفەری هەوەل جارم بۆ رانیە دوای بوونم بە وەزیر، ئەحمەد ئاوارە بوو نەی دەویرا بەرەو مال بیتەوە بۆ هەولیر و دووگرتکان . تەکلیفم لەبەر نا ئەو سەد دینارە و زیادەییەکیکەپێویستیش بێ لێمی وەربگری، دوای زیدە ئیلحاح دەستیگەیاندە بیست دینار، هەزار رەحمەتت لێ بێ جوانەمەردی کوردایەتی . لەپاش مەرگی ئەو هەشتا دینارەم بەمل کاکە وریای کورەگەورەیدا دا،چەندێکیپەلەی کرد لێم نەسەلماند وتێم گەیاند کە بە شەرع ئەو پارەیە لێم حەرامەچونکە ئەحمەد منداڵی بچووکی لەپاش بەجێ ماوە (( ولا تقربوا مال اليتيم ) م بە بیردا هینایەوە. وەی ئەم تەرزە بیرەوەرییە بە سفتوسۆیە ئەمما زیندووکردنەوەشی هەستیکی مرۆیانە لە خاوەن دڵ و دەروونانادا دەبزێوێت ( گەشتیژیانم، 2009، ل: 266) .

**دەرئەنجامەکان:**

1-مسعود محمد کەسێکی بلیمەت ورووناکبیرێکیگەورەی کورد بووە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-هەر سێ ڕەهەندی کەسایەتی(ژیری/ زانیاری و هەڵچوونی/سۆزداری و جوولەیی و کارامەیی و پیشەیی) لە کەسایەتی مسعود محمد بەرێژەیەکی زۆر بەرزدا هەبووە.

3-لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ئاستێکی زۆر فراوان و بەربڵاوی هەبووە،چ لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە کەسایەتی مسعود محمد ڕەنگیان داوەتەوە.

4-لە توانا تایبەتییەکانی وەکو( توانای زیرەکی و توانای شوێن وجێگایی و ژمێرەیی و زمانەوانی وبیر تیژیو یادگە وفەلسەفەی جوانی هونەر) مسعود محمد زۆر بێ هاوتا بووە جیا لە هاوسەردەمەکانیدا.

5-لەتوانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و کراوەیی بیر وهزر وبیرکردنەوەی داهێنەرانە و گەردووناسیدا، مسعود محمد زۆر شارەزا وبەتوانا بووە.

6-دید وبۆچوونی ئەو هاوریيانەی زۆر لەیەکترییەوە نزیك بوون بەرانبەر بەکەسایەتی مسعود محمد. جگە لەوەش شیکردنەوەیپەرتووکی (گەشتیژیانم) هەمان بۆچوون وڕای هاوڕییەکانیپشت ڕاست کردەوە.

## سەرچاوە کوردییەکان

-ئەسوەد،نەوزاد ئەحمەد (2015) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

-بەرزنجی، عبد الحمید(2002) " کەسایەتی مرۆڤی کورد" گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ26، هەولێر.

-پەژار، موستەفا(1997) "کەسایەتی و بنەما دەروونییەکان- داهێنان" گۆڤاری ڕامان، ژ18، هەولێر.

-پەتی،عومەر ئیبراهیم عەزیز(1991-1998) سەردان وچاوپیکەوتنەکانی لەگەل مسعود محمد لەشاری بەغدا.

-پەتی،عومەر ئیبراهیم عەزیز (2016): فۆلکلۆرپەروەراندەدوێن...،ئەنیستیۆتی کەلەپووری کورد،چاپییەکەم،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-پەتی،عومەر،ڕەشید،فاتیمە حسن باجەلانی (2015): گۆڤاری شیکار "کاریگەریەکانی شەڕ لەسەر کەسایەتی ئافرەت لەڕووی ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری"دا ژمارە (11،12) چاپخانەی خانی دهۆك.

-حەمە سالّح،یوسف (2014): ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (2051) لە 2014/12/21.

-...................(2015): ڕۆژنامەی هەولێر،، ژمارە (2175) لە 2015/7/8.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-...................(2015):" کەسایەتی لە روانگەی الفرێد ئەدلەر" ەوە(1870-1937). رۆژنامەی هەولێر، ژمارە (2165) چوارشەممە.

- حوسێن، مەحەممەد تەها(2017): **سایکۆلۆژیای کەسێتی"کەسێتی کورد لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگە جوداکاندا"** ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە-سلێمانی.

-مەحەمەد،مسعود (2009): گەشتیژیانم،چاپی سێهەم،کۆیێ کوردستان. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە.

-سەعید، ناز ئەحمەد(2017): گۆڤاری کۆنتێکست" شیعرییەتی دەقی گەشتی ژیانمی مەسعود مەحەممەد" ژمارە (1) ساڵی یەکەم،کانوونی یەکەم.( گۆڤارێکی ئەکادیمی وەرزییە و تایبەتە بە توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

-سدیق، فؤاد(2002) "تەوەری کەسایەتی مرۆڤی کورد" گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژ.26، دەزگای رۆژنامە نووسی برایەتی وخەبات،هەولێر.

-شاوەیس، دلێر(2002) "کەسایەتی مرۆڤی کورد"گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژ.26، دەزگای رۆژنامە نووسی برایەتی وخەبات،هەولێر.

-کەریم، ڕزگار (1971): فەرهەنگی دەریا:عەرەبی کوردی، بڵاوکراوەی ئیحسان،تەهران.

-میران، ڕەشاد(2002) " کەسایەتی مرۆڤی کورد و چەند هۆکارێکی کاریگەر" گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ.26، دەزگای رۆژنامە نووسی برایەتی وخەبات،هەولێر.

-نەقشبەندی، ئازاد محمد ئەمین(2002) " سیما و خەسلەتەکانی کەسایەتی تاکی کورد" گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژ.26، دەزگای رۆژنامە نووسی برایەتی وخەبات،هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

-شرف،عبدالعزيز (1992) ادبالسيره الذاتيه،الشركه المصريه العالميه للنشر،لونجمان.

- الحانى، ناصر(1968): المصطلح فى الادب الغربى، منشورات مكتبه العصريه،بيروت.

--الزغبى،احمد محمد(2001): سيكولوجيه الفروق الفرديه وتطبيقاتها التربويه، الاردن،دار الزهران للنشر والتوزيع.

-مصطفى،يوسف حەمە صالح(2018) ملامح الشخصيه الكورديه، الاكاديميه الكرديه، مطبعه جامعه صلاح الدين، اربيل.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**

يعد مسعود محمد واحدا من المفكرين الكورد الكبار الذين خدموا الأدب واللغة والتربية والفلسفة الكوردية باللغتين الكوردية والعربية بشكل مبدع, اذ له منزلة رفيعة بين الاكراد خاصة والامة العرية عامة. ولو ترجمت انتاجاته الى اللغات الاجنبية لكان مسعود محمد قد اشتهر وعرف في الادب العالمي ايضا. لذا فالهدف من هذا البحث هو اظهار بعض جوانب شخصية مسعود محمد من وجهة نظر اصدقاءه المقربين الذين يعرفونه من 50 عاما ومن وجهة نظر زوجته وتاثير هذه الشخصية على نتاجاته.

استخدم الباحثان المقابلة كاداة للبحث واعتمد تحليل الشخصيةعلى تعريف البورت ( الشخصية هي قابلية وامكانية جسمية ونفسية ومعرفية ووجدانية واجتماعية. وتتمثل خصائص الشخصية بالذكاء وبعد النظر والمعرفة وقدرة اتخاذ القرار والاتزان والتاثير في الاخرين واقناعهم بالاضافة الى التواضع والتسامح والنزاهة والصدق والجرأة, حيث تم تحليلكتاب " رحلة حياتي" واقتباس أجزاء من نصوصه وبيان تاثير شخصيته على كتاباته.

**Abstract**

Mas’ud Mohammad is one of the great philosophers whocreatively servedKurdish literature, language, education and philosophy in both Arabic and Kurdish languages. He was very famous among Arab people in general and Kurdish people in particular. If his works had been translated into international languages, he would have been a famous figure in world literature; therefore, this study aims at discovering Mas’ud Mohammad’s personality as seen by his close friends and wife and the effect of his personality on his writings.

The researchers used interview as the tool for the aim of this study and Mas’ud Mohammad’s personality is analyzed based on Jordon Albort’s definition of personality which is :Personality is the physical, psychological, cognitive, affective and social abilities of human beings. Personality traits include intelligence, insight, knowledge, decision making abilities, influencing others, humbleness , tolerance, honesty and courage. The researchers analyzed Mas’ud Mohammad’s book” The Journey of My Life” and depended on some quotes to find out the effect of his personality on his writings.